# قوتابخانە فەلسەفیەکانی ئەڵمان



**کارل مارکس**

---

کۆکردنەوەو وەرگێرانی: ئەنوەر نەجمەدین
دیسامبری ٢٠١٧

# باکگراوندی مێژوویی فەلسەفەی ئەڵمانی

کارل مارکس

نەتەوە گەورەکان -فەرەنسیەکان، ئەمریکاییە باکووریەکان، ئینگلیزەکان- بەردەوام لە بەراوورد کردندان لە نێوان خۆیاندا لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیزە کردن، لە ڕکابەری و لە زانستدا، بەڵام وورده بەقاڵ و وورده برجوازیەکانی وەک ئەڵمانەکان، کە لەم بەراووردو ڕکابەریە دەترسن، لە پشت قەڵغانێکی شازەوە خۆیان حەشارداوە کە پیشەسازکارە فەلسەفیەکانیان داویانەتە دەستیان ..

فەلسەفەی ئەڵمانی خۆی، بەشێوەیەکی تایبەتی، دەرئەنجامی بونیانی برجوازیی بچووکی ئەڵمانیە ..

* * * * *

برجوازیەکانی فەرەنساو ئینگلیز، بە گومانن لە کەمی بازاڕ، لە قەیرانە ئابووریەکان، لە مایەپووچ بوون لە بازاڕی پشەکەکاندا، لە بارودۆخی سیاسی، هتد، بەڵام برجوازی بچووکی ئەڵمان هیچ بەشداریەکی چالاکانەی لە بزووتنەوەی برجوازیدا نەکردووە لەسەر ئاستی ئایدیا نەبێت ..

گەمژەیی ئەڵمان ئا لێرەدایە، ئەوان بەڕاستی گەمژەن- لە فەرەنسا، لە ئینگلترە، هتد، میللەتە بێیانیەکان گوێزراونەتەوە بۆ سەر زەویەکی پێشکەوتوو، زەویەکی نوێ، بۆ سەر زەویەکی زۆر تازە لە ئەمریکایش، بەڵام لە ئەڵمانیادا، دانیشتوانە ئەسڵیەکەی، ئەوەندەی مێلوورەیەکیش نەجووڵاونەتەوە.

* * * * *

ئەڵمان لە ئێستادا (١٨٤٣)، تا ئاستێک، گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە برجوازیەتی فەرەنسی لە ١٧٨٩ دا پێی گەیشتووە.

کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، لاپەڕەکانی ٨٢، ١١٤، ٢٠٠

ئەگەر ئینکاری ئەم بارودۆخەی ئێستای ئەڵمانیام کرد لەساڵی ١٨٤٣ دا، ئەوا، بەپێی کەلێندەری فەرەنسی، بەهەزارحاڵ، خۆم لە ساڵی ١٧٨٩ دا دەبینمەوە، بەڵکو خۆم دوورتریش دەبینم لە سەنتەری یان لە دڵی ئەم چەرخەوە.

کارل مارکس، نقد فلسفة الحق عند هیغل

# قوتابخانە فەلسەفیەکانی ئەڵمان



## ئەمانۆیل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤)

حاڵەتی ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەی ڕابووردوودا، لە کتێبەکەی کانتدا (ڕەخنەی عەقڵی بەکردەوە)، بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. لە کاتێکا برجوازیەتی فەرەنسی، بەهۆی گەورەترین شۆڕشەوە کە مێژوو بەخۆیەوە بینیوە، بەرز دەبێتەوە بۆ سەر دەسەڵات و کیشوەری ئەوروپا داگیر دەکات، وە لە کاتێکا برجوازیەتی ئینگلیزی کە لە ڕووی سیاسیەوە پێشتر ڕزگاری بوو بوو، پیشەسازی شۆڕشگێر کردبوو، هیندستانی ملکەچی خۆی کردبوو، وە ئەوەولای جیهانیشی ملکەچی بازرگانیەکەی کردبوو، لەوکاتەدا، هێشتا برجوازیەتی ئەڵمانی، لە لاوازیدا، لە "ئیرادەی چاک" تێپەڕی نەکردبوو. کانت ڕازی بوو بە "ئیرادەی چاک" و بەس، ئیتر لەگەڵ ئەوەی ئەمە هیچ دەرئەنجامێکیشی نەبوو، وە ئەو وەدیهێنانی ئەم ئیرادە چاکەو پەیوەندیە هارمۆنیەکەیی لەگەڵ پێداویستی تاکەکان و پاڵ پێوەنەرەکانیاندا، گواستەوە بۆ جیهانی ئەودیو. ئیرادەی چاکیش لە کانتدا، ڕەنگدانەوەیەکی تەواوی بێتوانایی و پاسیڤ بوون و خاوخلیچکی برجوازیەکانی ئەڵمان بوو کە بەرژەوەندیە هیچ و پووچەکانیان هەرگیز توانای گەشەیەکیان نەبوو بگاتە ئاستی بەرژەوەندیەکی نەتەوەیی هاوبەشی بەرجەستەبووی چینێک .. ئەم بەرژەوەندیە ناوخۆییە هیچ و پووچەیش، لە لایەکەوە هۆکارەکەی، بەڕاستی و بەکردەوە، لە بەرتەسکی زیهنیی هەرێمایەتی و ناوخۆیی برجوازیەتی ئەڵمانیدا بوو، لە لایەکی تریشەوە، لە گەمژەیەتیە کۆسمۆپۆلیتیە فووتێکراوەکەیدا بوو. بەگشتی، گەشەی ئەڵمانی لە ڕۆژانی ڕیفۆرمدا، لە هەموو ڕوویەکەوە، بەتەواوی خەسڵەتی برجوازیەکی بچووکی لەخۆ گرتبوو. ئۆرۆستوکراسیە دەرەبەگایەتیەکەی کۆن لە جەنگی جووتیاراندا، هەمووی ڕاماڵرابوو؛ وە ئەوەیشی لێی مابووەوە، یان شازادە بچووکەکان بوون کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووبوونە پاشکۆی ئیمپراتۆریەت و پلە بە پلەیش جۆرە سەربەخۆییەکیان بەدەستهێنا بوو، وە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکداو لە سنووری شارە بچووکەکانی خۆیاندا، لاسایی پادشایەتی ڕەهایان دەکردەوە، وە یان خاوەنی موڵکێکی کەم بوون و هەندێکیان ئەو سامانە کەمەیان لە دادگا هەرێمایەتیەکاندا لەدەستدابوو تا لەولاوە بژێویان لە پۆستە هیچ وپووچەکانی سوپاو کارگێڕیە حکومیەکاندا دەستبخەنەوە -بەشێکی تریشیان هەروەک سوارچاکی دەرەبەگەکان مابوونەوەو لە ناوچە دواکەوتووەکاندا جۆرێک دەژیان کە ساکارترین موڵکداری ئینگلیزی و ئۆرۆستوکراسی فەرەنسی هەرێمەکان، شەرمیان لە ژیانێکی لەوجۆرە دەهات. کشتوکاڵیش بە ڕێگایەک پراکتیزە دەکرا کە نە وەک بەرهەمهێنانی پارچە پارچە بوو نە وەک بەرهەمهێنانی گەورە، ئەوەیش شتێک بوو

هەرگیز پاڵی بە جووتیارانەوە نەدەنا بۆ خۆڕزگار کردن، ئەگەرچی وەک پاشکۆو سوخرەکێشی دەرەبەگایەتییش مابوونەوە، ئەمەیش بەوهۆیەوە کە ئەم ڕێگایە لە کشتوکاڵدا بەتایبەتی، لەلایەکەوە، ڕێگەی سەرهەڵدانی هیچ چینێکی شۆڕشگێری چالاکی نەدەدا، لە لایەکی تریشەوە، برجوازیەتێکی شۆڕشگێر نەبوو هاوشان بێت بە چینێکی جووتیاریی لەوجۆرە.

ئێمە جارێکی تر لە (کانت) دا، ئەو فۆرمە جیاکەرەوەیە دەبینین کە ئەڵمانیا لەخۆی گرتووە، ئەو فۆرمە لیبرالیستە فەرەنسیەی لەسەر بەرژەوەندی چینایەتی بەکردەوە وەستاوە - نە کانت و نە برجوازیەکانی ئەڵمان کە کانت گوتەبێژیان بوو، تێبینی ئەوەیان نەکردبوو ئا ئەم بیرە تیۆریانەی برجوازیەت، لەسەر بەرژەوەندی ماتریالیستی و ئیرادەیەکی مەرجدارو دیاریکراوی پەیوەندی بەرهەمهێنانی ماتریالیستی وەستاوە. لەبەر ئەوەیشە کانت ئەو دەربڕینە تیۆریەی دابڕیوە لەو بەرژەوەندیانەی تەعبیر لەو تیۆریانە دەکەن ...

كارل ماركس، الايديولوجية الالمانية



## هیگڵ، جۆرج ویلهێلم فرێدریک (۱۷۷۰ – ۱۸۳۰)

... بۆگەن کردنی فەلسەفەکەی هیگڵ کە لە شتراوسەوە دەستپێدەکات، بۆتە هەویربەترشێک بۆ هەموو جیهان، بەجۆرێک کە هەموو "هێزەکانی ڕابووردوو" ڕاکێشراونەتە ناویەوە ...

وە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینە بۆ ئەم جادووگەرییە فەلسەفیە بکەین کە پریشکی لووتبەرزیی نیشتمانی لە سنگی برجوازیە شەریفەکانی ئەڵماندا دادەگیرسێنێت، وە ئەگەر بمانەوێت حەقارەتی هەموو ئەم بزووتنەوە هیگڵیە مناڵکارەو بەرتەسکیەکانی دەربخەین، بەتایبەت جیاوازیە پێکەنیناویە گریاناویەکەی نێوان پاڵەوانێتیە بەکردەوەکەی ئەو پاڵەوانانەو وەهمەکانیان لەبارەی ئەو پاڵەوانێتیەوە بە تایبەتی، ئەوا لەسەرمانە بڕوانینە تەواوی شانۆگەریەکە؛ بەشێوەیەک کە سنووری ئەڵمانی جێبهێڵێت.

تەنانەت لە دوایین خۆهیلاک کردنیشیدا، ڕەخنەی ئەڵمانی مەیدانی فەلسەفەی جێنەهێشت..وە هەموو ئەو پرسیارانەیشی دەیخستنەڕوو لە بارەی خۆیەوە، هەمووی بەبێ جیاوازی .. لە زەویی سیستمێکی فەلسەفی دیاریکراوەوە سەریهەڵدەدا کە فەلسەفەکەی هیگڵ بوو. وە چەواشەکارییش نەک هەر لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا هەبوو، بەڵکو لە خودی پرسیارەکان خۆشیاندا بوو. ئەم پاشکۆیەتیەیش بۆ هیگڵ هۆکاری ئەوەیە کە کەس لەو ڕەخنەگرە مۆدێرنانە، تەنانەت هەوڵی ڕەخنەیەکی کۆی ئەو سیستمە هیگڵیەیان نەداوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان سوێند دەخۆن کە هیگڵیان تێپەڕاندووە. دیبەیتەکانیشیان دژی هیگڵ و دژی یەکتریش لەوەدا کورتدەکرێتەوە کە: هەریەکەیان لایەنێک لە سیستمی هیگڵی دادەبڕێت و دەیکاتە دژی هەموو سیستمەکەو دژی ئەو لایەنانەیشی لەو کەسانەی ترەوە لەو سیستمە دابڕێنراون. لە سەرەتاوە گووتارە ئەسڵیەکانی هیگڵیان دادەبڕی؛ وەک "جەوهەر" و "هۆشمەندی زاتی"؛ لە دواییشدا ئەو گووتارانەیان بە ناوە دونیاییەکان دەشێواند، وەک "جۆر"، "تاک و تەنها"، "مرۆڤ"، هتد"[1].

[1]. دەربارەی کۆنسێپتی فەلسەفی فەیلەسوفەکانی ئەڵمان، بە تایبەت برۆنۆ باوەر، فیۆرباخ، شتێرنر؛ مارکس دەڵێت: "دەبینن چۆن قوتابخانەکەی هیگڵ بۆتە جیگای ناکۆکیەکی گشتی. ئەمانە هەموو نەتەوەکانی ترو هەموو ڕووداوە واقیعیەکانیان لە بیرکردووەو هەموو شانۆی جیهانیان لە پێشانگای کتێبی لایبزیگ و دیبەیتەکانیاندا

* * * * *

تێگەیشتنی هیگڵیە پیرەکان لە هەموو شتێک، لە ڕێی گەڕانەوەوە بوو بۆ یەکێک لە گووتارە لۆژیکیە هیگڵیەکان. بەڵام هیگڵیە لاوەکان ڕەخنەی هەموو شتێکیان بە تێڕوانینە دینیەکان دەگرت، واتە بە وەرگێرانیان بۆ ماتریالێکی تیۆلۆژی.

* * * * *

بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەڵمانیەوە کە لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەر زەوی، دەبێت لێرەدا سەرکەوتن لە زەویەوە بێت بەرەو ئاسمان. بە ووتەیەکی تر، دەستپێکردن لەوەوە نیە کە مرۆڤ دەیڵێت، خەیاڵی لێدەکاتەوە، تێیدەڕوانێت، وە لە قسەی کەسانی ترو بیرو خەیاڵات و تێڕوانینیانەوە نیە تا بەهۆی ئەوانەوە بگەینە ئەو مرۆڤەی لە گۆشت و خوێنە؛ نەخێر، بەڵکو دەستپێکردن لە کردارە واقیعیەکانی مرۆڤەوەیە؛ وە تێڕوانین لە ڕەنگدانەوەکان و دەنگدانەوە ئایدیۆلۆژیەکانیشدا لە بارەی ئەم پێشکەوتنەوە، دووبارە لە گەشەی ژیانی واقیعیەوەیە.

وە تەنانەت تارماییەکانی نێو ژێری مرۆڤیش، وەک پێویست لە گەشەی ژیانی ماتریالیستیەوە وەبەردێن، ئەمەیش دەتوانرێت تاقیگەییانە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بەجۆرێک کە پەنا بباتە بەر بنکە ماتریالیستیەکان. هەر لەبەر ئەوە، ئەخلاق، دین، میتافیزیک، وە هەموو ئایدیۆلۆژیاو شێوەکانی تری هۆشمەندییش، هەر یەکسەر هەموو سەربەخۆییەک لەدەست دەدەن. ئەمانە گەشەو مێژووی تایبەت بە خۆیانیان نیە؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە، مرۆڤ کاتێک بەرهەمە ماتریالیستیەکانیان و پەیوەندیە ماتریالیستیەکانیان پەرە پێدەدەن، ئینجا بیرو بەرهەمەکانی بیریشیان لەگەڵ واقیعە تایبەتیەکەیاندا برەو پێدەدەن. هۆشمەندی ژیان دیاری ناکات، بەڵکو ژیان هۆشمەندی دیاری دەکات ...
فەلسەفەی هیگڵی هەموو شتێکی کردووە بە ئایدیا، بە پیرۆزیی، بە تارمایی، بە ڕۆح ...

بۆیە بێگومان، مەحاڵە لە سلوکی تاقیگەییانەو ماتریالیستانەی خەڵکی تێبگەین بەهۆی ئەو ئامێرە تیۆریەوە کە لە هیگڵەوە بە میرات ماوەتەوە.

مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، لاپەڕەکانی: ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٣٠، ٣١، ٣٢، ١٨٩، ٢٤٧

---

کورت کردۆتەوە دەربارەی (ڕەخنە) و (مرۆڤ) و (تاک و تەنها)" (بە زنجیرە مەبەست لە: برۆنۆو فیۆرباخ و شتێرنرە) (کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، ل : ٥٣).

هیگڵ لە ئیغترابی جەوهەرەوە دەستپێدەکات (لە لۆژیکدا، واتە لە بێکۆتادا "Infinite" لە گشتێکی ڕووتەوە) لە ئابستراکتێکی ڕەهای نەگۆڕەوە، ئەمەیش -بەزمانی میللی- یانی لە دین و تیۆلۆژیەوە دەستپێدەکات ...

با ئێستا سەرنجێک لە مەزهەبی هیگڵی بدەین و لە فینۆمینۆلۆژیای[2] هیگڵەوە دەستپێبکەین کە سەرچاوەی ڕاستەقینەو نهێنی فەلسەفەکەی هیگڵە.
.. لە کاتێکا ئینسکلۆپیدیای هیگڵ بە لۆژیک، واتە بە ئایدیایەکی تیۆری بێگەرد دەستپێدەکات، وە بە مەعریفەیەکی ڕەها -بە هۆشیاری خود، بە ڕۆحی ڕووتی فەلسەفە یان ڕەهاگەری (یان لە سەروو ئینسانیەتەوە)- کۆتایی دێت و خۆی هۆشیارە بەخۆی، خۆی ئیدارکی خۆی دەکات، بەگشتی ئا ئەم ئینسکلۆپیدیایە هیچ نیە خستنەڕووی ماهیەتی ڕوحی فەلسەفی و بابەتی فەلسەفە خۆی نەبێت. زیهنی فەلسەفە هیچ نیە زیهنی ئەو جیهانە مغتەرەبە نەبێت کە لە چوارچێوەی ئیغترابی خۆیدا بیردەکاتەوە- یان کە هەر تەنها ئیدراکی خۆی دەکات. لۆژیک -(واتە پرۆسێسی زیهن، کە بەهای تێرامان یان بەهای بیری مرۆڤ و سروشت ناوەڕۆکەکەیانەو جەوهەرە ناڕاستەقینەکەشیان لەوەدایە کە بایەخ بە هیچ شتێکی ڕاستەقینە نادەن)- بیرکردنەوەیەکی گونجاوەو بەس، بیرکردنەوەیەکە لە سروشت و مرۆڤی ڕاستەقینە دابڕاوە: واتە بیرکردنەوەیەکی ئابستراکتە.

کارل ماركس، مخطوطات عام ١٨٤٤ الاقتصادیة والفلسفیة

هیگڵ جارجارە شتێکی ڕاستەقینە دەخاتەڕوو، بەڵام خودی ئەوشتە لە چوارچێوەی تێڕاماندا دەخاتەڕوو. ئەم خستنەڕووەی واقیع لە چوارچێوەی تێڕاماندا خوێنەر چەواشە دەکات، وە ئیتر تێڕامانەکە وەک واقیع وەردەگرێت و واقیعەکەیش وەک تێڕامان.

کارل مارکس، العائلة المقدسة، ل : ٧٣

ڕەخنەی ڕەها[3]، لای کەم، لە فینۆمینۆلۆژیای هیگڵەوە، فێری هونەری گۆڕین بووە لەو ئەڵقە مەوزوعیە ڕاستەقینانەدا کە لە دەرەوەی مندایە؛ بۆ بیرێکی ئایدیالیستی ڕووت، بۆ

---

[2]. فینۆمینۆلۆژیا و لۆژیک: دوو کتێبە بە ناوبانگەکەی هیگڵن. مارکس دەربارەی کتێبی فینۆمینۆلۆژیا دەڵێت: "هەموو ئەو کتێبە، بە هێزە ڕووخێنەرەکەیەوە، فەلسەفەیەکی خۆپارێزی تەواو خۆپارێزە، وایدادەنێت گوایە بەسەر جیهانی مەوزوعیدا سەرکەوتووە، جیهانە ڕاستەقینە هەستپێکراوەکە، ئەمەیش هەر تەنها بە گۆڕینی ئەو جیهانە بۆ (شتێک لە ئایدیا) (کارل مارکس، العائلة المقدسة، ل : ٢٥٢).
[3]. مەبەست لە (ڕەخنەی ڕەها) ڕەخنە فەلسەفیەکانی ئەڵمانە کە بەشێکیان لە ئاینەوە دەستپێدەکەن و بەشەکەی تریان لە ڕەخنەی ئاینەوە (وەرگێر).

چەند ئەڵقەیەک کە لەناو مندایە[4] و بەس، وە بەمەیش هەموو ناکۆکیە هەستپێکراوەکانی دەرەوە، دەگۆڕێت بە ناکۆکیەکی ڕووتی بیر.

کارل مارکس، العائلة المقدسة، ل : ١٠٣

[4]. "کۆنسێپتەکە "منم - الانا" (بڕوانە لۆژیکی هیگڵ، بەشی سێهەم)، لۆژیک [بەو وەسفەی منم]. ئا ئەمە پەیوەندی ڕووتی منە بە جیهانەوە، پەیوەندیەکی [ڕووتکراوە] لە هەموو ئەو پەیوەندیە بەکردەوانەی پەیوەستە پێیەوە" (کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة،ل : ٢٩١)



## فیۆرباخ، لۆدفیگ ئەندرێیاس (١٨٠٤ - ١٨٧٢)

بەلای فیۆرباخەوە، تێروانین لە جیهانی هەستپێکراو، لەلایەک هەر تەنها لە تێڕاماندا لەم جیهانە کورت دەکرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە لە سۆزداریەکی ڕووتدا. فیۆرباخ دەڵێت "مرۆڤ"، ئەمە لە بری ئەوەی بڵێت "مرۆڤی مێژوویی بەکردەوە".

فیۆرباخ ئەوە نابینێت کە ئەم جیهانە هەستپێکراوەی چواردەوری ئەوی گرتووە، ئەمە دەستکەوتێکی ڕاستەخۆ نیە هەر لە ئەزەلەوە کە هەمیشە هەروەهای نواندبێت، بەڵکو بەرهەمی پیشەسازی و حاڵەتێکە لە کۆمەڵگا، بەو مانایە بەرهەمی مێژووە، دەرئەنجامی کرداری ژمارەیەکی زۆرە لە نەوەکان ... تەنانەت سادەترین شتی "یەقینی هەستگەرایی" یش هەر ئاوا لەخۆوە نەهاتۆتە بەردەست فیۆرباخ؛ بەڵکو ئەمە بە کردەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و پیشەسازی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی هاتووە. (مارکس لە پەراوێزی باسە مێژووییەکەیدا ئەمەیش زیاد دەکات): هەڵەی فیۆرباخ ئەوەیە کە هەرچی بەچاوی ڕووت دەبینرێت، واتە ڕووخسارە هەسگەراییەکان، نایانخاتە بەردەم واقیعێکی هەستپێکراوی بڕیاردراو بەهۆی لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی بارودۆخە دیاری کراوەکانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئەو لەدوایین شیکردنەوەیشدا ناتوانێت لە ماتریالیزم تێبگات وەک ماتریالیزمی "بەچاوبینراو" نەبێت، بە دووربینی فەیلەسووف نەبێت.

* * * * *

فیۆرباخ لەو سنوورەدا کە ماتریالیستە -(مەبەست ماتریالیستی هەستگەراییە)- ناهێڵێت هەرگیز مێژوو بێتە ناوەوە، وە لەو سنوورەیشدا کە مێژوو بۆ حیسابی خۆی دەهێنێتە ناوەوە، ئیتر ئەو ماتریالیست نیە. مێژوو و ماتریالیزم لە لای ئەو بە تەواوی دابڕاون لە یەکتر ..
هەر لەبەر ئەمە، ئێمە هیچ شتێک لەگەڵ ئەو ئەڵمانەدا کۆمان ناکاتەوە بۆ دەستکردن بە دیاری کردنی یەکەمین پێشینەی بوونی هەموو مرۆڤایەتی و هەموو مێژوویش، ئەمە لەکاتێکا کە ئەڵمان خۆیان لە هەموو پێشینەیەک داماڵراون.

بەدڵنیاییەوە هیچ پێویست ناکات خۆمان ماندوو بکەین تا بۆ فەیلەسوفە زاناکانمانی ڕوون بکەینەوە (لە پەڕاوێزەکەدا نووسراوە: وەک فیۆرباخ) کاتێک ئەوان .. "مرۆڤ" ڕزگار دەکەن لە دکتاتۆریەت .. ئەوان بەمە تاکە هەنگاوێک "مرۆڤ" بەرەو "ڕزگار" بوون نابەنە پێشەوە، وە ڕزگاری پراکتیکییش ڕوونادات لە جیهانی واقیعی و بە کەرەسەی واقیعی نەبێت، کۆیلایەتی لەناو نەدەچوو بەبێ ئامێری هەڵمی و دەرزی و ئامێری چنین، کۆیلەی زەوییش لەناو نەدەچوو بەبێ چاککردنی کشتوکاڵ .. "ڕزگاری" کردەیەکی مێژووییە نەک کردەیەکی زیهنی، وە بە مەرجی مێژوویی خۆی وەدی دێت، بە پێشکەوتنی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ.

کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة، لاپەڕەکانی : ٢٤، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٥، ٣٧



## برۆنۆ باوەر (١٨٠٩ - ١٨٨٢)

ئەو پەیوەندیەی برۆنۆ باوەر دۆزیویەتیەوە، لە واقیعدا هیچ نیە ڕیالیزە بوونی ڕەخنەیەکی کاریکاتێریی کۆنسێپتەکەی هیگڵ نەبێت دەربارەی مێژوو، ئەو کۆنسێپتەیش بە دەوری خۆی هیچ نیە، دەربڕینێک نەبێت لە تێڕامان لە عەقیدەی مەسیحیەتی ئەڵمانی دەربارەی ناکۆکی ڕۆح و مادده، نێوان یەزدان و جیهان.

کارل مارکس، العائلة المقدسة، ل : ١٠٦، ١٠٧

ساڵی ١٨٤٢ی زایینی وادادەنرێت بەرزترین قۆناغی لیبرالیزمی ئەڵمانی بێت، چونکە ئەودەمە، فەلسەفەی ئەڵمانی لە ژیانی سیاسیدا کەوتە هاوبەشی کردن، برۆنۆ باوەریش دەڵێت لیبرالیزم هیچی جێنەهێشت (دەنگدانەوەیەک) نەبێت، ئەمە لەکاتێکا ئەودەمە، لیبرالیزم لە ئەڵمانیادا، لە واقیعی حاڵدا، هیچ بوونێکی بەکردەوەی نەبوو، وە بەختیشی باشی نەهێنابوو تا ئەم کاتە، وە ئەوکاتە ئیتر برجوازیەتی ئەڵمانی، بەشێوەیەکی پراکتیکی، هەستی ئەو پێویستیانەی کرد کە لە مەرجە ئابووریەکانەوە هاتبوون، هەستی دەسەڵاتێکی سیاسی، وە کەوتە هەوڵی وەدیهێنانی ...

* * * * *

برۆنۆ باوەری قەشە بە شێوەیەکی هەڵە دادەڕشتنە فەلسەفیەکانی ماتریالیستەکان وەردەگرێت دەربارەی ماددەو وادەزانێت ئەوەیە ناوەڕۆکی بەکردەوەی تێڕوانینەکانیان دەربارەی جیهان.

الأيديولوجية الألمانية، ل : ٩٩



## ماكس شتيرنر (١٨٠٦ - ١٨٥٦)

به هەرحاڵ ئێمە سەرلەنوێ لە سەردەمی نوێدا، ڕووبەڕووی هەمان ئەو نیفاقە دەبینەوە کە چەرخی کۆنیش لێی خواردۆتەوە. وە هەروەک چۆن ئەو دەستکەوتە مێژووییانەی لەو سەردەمەدا، هیچ نەبوون تۆمار کردنی چەند گووتارێکی زۆر سادە نەبێت، ئا بەوجۆرە، تێکڕای پەیوەندیە دونیایەکانی سەردەمی نوێیش هیچ نەبوون، جگە لەو ناوە مێتافۆرانەی لە (**فینۆمینۆلۆژیا - علم الظواهر**) و (لۆژیک) دا خستماننە بەر ڕووناکی. سانشۆی قەشەیش [شتێرنر][5]، هەرگیز لە هیچ نادوێت لە قسەکردندا لەسەر جیهانی واقیعی، جگە لەو گووتارە بازاڕیانە.

کارل مارکس، الايديولوجية الالمانية، ل : ٣١٦

... جگە لەوەیش؛ هەرچی تیۆریستەکانی ئەڵمان تا ئێستا لەبارەی ماهیەت و ناماهیەتەوە گووتوویانە، هەمووی بەشێوەیەکی باشتریش، لە کتێبەکەی هیگڵدا "لۆژیک" دەبینرێتەوە. "شتێرنر" یش، بە هەستێکی ئێجگار بێسنوورەوە، وەهمەکانی فەلسەفەی ئەڵمانی دابەش دەکات: ئەو وەهمەیش ئەوەیە کە مێژوو دەگۆڕێت بە "مرۆڤ" ...

مارکس لە تێزەکانیدا دەربارەی شتێرنر ئەوە ڕووندەکاتەوە کە: "شتێرنر" داوا لە خەڵک دەکات لە "خۆیاندا" بگەڕێن بۆ خەتا، ئەمە لەکاتێکا ئەمە هیچ نیە، هەمان ئامۆژگاریی ئاینیی مەسیحی نەبێت (وەرگێڕ). دەبا خەڵکی ئەو ئایدیایانە لەسەریان دامالن؛ -ئیتر ئەم واقیعەی ئێستا هەرەس دەهێنێت[6]..

.. من هەموو شتێک دەگێڕمەوە بۆ زاتی خۆم، شتێنر/ مارکس، الايديولوجية الالمانية، لاپەڕە ١٩

* * * * *

---

[5]. شتێرنر نازناوی یۆهان کاسبار شمیدتە.

[6]. لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا، داخوازی بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا، داخوازیە بۆ گۆڕینی ئەخلاق، واتە داماڵینی بیری کۆنە لە سەری تاک و گۆڕینی بە بیرێکی نوێ، وازهێنانە لە خۆویستی، کە ئەم تێزە زیاتر لە شتێرنرەوە برەوی پێدراوە. بۆیە مارکس لە ڕەخنەی ئەو فەلسەفەیەدا دەڵێت: ".. ئا ئەمە جیاکردنەوەیەکی تەواوی هۆشمەندی و تاکەکانە لە پەیوەندیە واقیعیەکانیان" (کارل مارکس، الايديولوجية الالمانية، ل : ٢٦٢).

دەرئەنجامە لۆژیکیەکەی تێڕوانینی شتێنر .. بۆ مێژوو بەم چەشنەیە: (پێویستە کۆنسێپتەکان -المفاهیم- ڕۆڵی بنەبڕ ببینن لە هەموو شوێنێک، پێویستە کۆنسێپتەکان ژیان ڕێکبخەن، پێویستە کۆنسێپتەکان سەروەر بن. ئەوەیش ئەو جیهانە دینیەیە کە لە هیگڵەوە دەربڕینێکی مەنهەجیی پێ بەخشراوە، شتێرنر، لاپەرە ١٢٦).

ماركس، الايديولوجية الالمانية، ل : ١٩٤



## شتراوس، دەڤید فرێدریک (١٨٠٨ - ١٨٧٤)

کۆی ڕەخنەی فەلسەفی ئەڵمانی لە شتراوسەوە هەتا شتێرنر، لە ڕەخنەی تێڕوانینە دینیەکاندا کورت دەکرێتەوە. ئەو ڕەخنەگرانە لە دینی ڕاستەقینەو تیۆلۆژیەوە دەستپێدەکەن بە مانای ڕاستەقینەی ئەو ووشەیە .. وە بەو ڕاگەیاندنەی کە هۆشیاری سیاسی و حقوقی و ئەخلاقی، هۆشیاری دینی و تیۆلۆژین، وە مرۆڤی سیاسی و ئەخلاقی و دینییش -واتە "مرۆڤ" لە دواین شیکردنەوەیدا- مرۆڤێکی دینیە. گوایە زاڵ بوونی دین شتێکی ئاشکرایە، بۆیە پلە بە پلە، هەموو پەیوەندیە سەروەرەکانیش، دەبنە پەیوەندیەکی دینی ..

... هەر بەمجۆرە، خەبات کردن دژی وەهمی دینی، دژی یەزدان، دەخەنە جێگای ناکۆکیە بەکردەوەکان ...

کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة

# تاک له نێوان فەلسەفەی ئەڵمانی و ماتریالیزمی مێژووییدا

تاکەکان هەمیشەو لە هەموو بارودۆخێکدا "لەخۆیانەوە دەستیان پێکردووە"، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان تاک و تەنها نین، ئەوا ئەوان ناتوانن واز لە پەیوەندیەکانی نێوانیان بهێنن. وە هەروەک چۆن پێداویستی تاکەکان و وەک دەرئەنجامی ئەوەیش، سروشتی ئەو تاکانەو ڕێگای دابین کردنی پێداویستیەکانیان، دەیانبەستێت بە یەکەوە (وەک پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکان، ئاڵوگۆڕ، دابەشبوونی کار)، ئەوا دروستبوونی پەیوەندی نێوانیشیان دەبێتە حەتمیەتێک. جگە لەوەیش ئەوان، وەک تاکە بێگەردەکان ناکەونە پەیوەندیەوە لەگەڵ یەکتردا، بەڵکو وەک ئەوەی تاکن لە قۆناغێکی دیاریکراوی پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانیان و پێداویستیەکانیاندا، ئەمەیش ئەو پەیوەندیانەن کە بەدەوری خۆیان، بەرهەمهێنان و پێداویستیەکان دیاری دەکەن. واتە ڕەفتاری تاکەکەسی تاکەکان لە ڕەفتاری ئاڵوگۆڕیاندا، ئەو پەیوەندیە دیاریکراوانە دروست دەکات کە ناتوانرێت هەموو ڕۆژێک سەرلەنوێ، دروست بکرێنەوە. ئەوان چوونەتە نێو پەیوەندیەکەوە وەک ئەوەی هەن، وە "لە خۆشیانەوە" دەستیان پێکردووە وەک ئەوەی هەن، ئیتر "تێڕوانینەکانیان بۆ ژیان" هەرچۆنێک بێت. وە زۆر بەدڵنیاییەوە، لە هەموو حاڵێکدا، ئەم "تێڕوانینە بۆ ژیان" - تەنانەت بە تێڕوانینە ساختەکانی فەیلەسوفەکانیشەوە- ناتوانرێت دەستنیشان بکرێن، بەهۆی ژیانی بەکردەوەوە نەبێت. دەرئەنجامی ئەمەیش ئەوەیە کە بە دڵنیاییەوە، پێشکەوتنی هەرکەسێک، بە پێشکەوتنی هەموو ئەوانی تر دەستنیشان دەکرێت کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەیانبەستێت پێکەوە. وە تاکەکانی هەر نەوەیەکیش لە نەوە جیاوازەکان کە پەیوەندیەک لە نێوانیاندا دروست بووە، هاوبەشیان ئەوەیە کە نەوەکانی داهاتوو لەگەڵ نەوەکانی ڕابووردوودا، لە بوونە سروشتیەکەیاندا یەکدەگرنەوە، وە ئەم نەوە داهاتووانە، ئەو هێزە بەرهەمهێن و شێوە ئاڵوگۆڕەیان بە میرات بۆ دەمێنێتەوە کە نەوەکانی ڕابووردوو بۆیان ئامادەکردوون، وە هەر بەمەیش بنکەی ئەو پەیوەندیانە دەستنیشان دەکرێت کە دەکەوێتە نێوان نەوەکانی ئێستا.

بەکورتی، لە لامان ڕوونە پێشکەوتن ڕوودەدات و ناشتوانرێت مێژووی تاکە کەسێک، لە مێژووی تاکەکانی ڕابووردوویش و هاوچەرخیش جیابکرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو تاکە بەو مێژووە دەستنیشان دەکرێت.
هەڵگێرانەوەی ئەم پەیوەندیە تاککەسیە بۆ دژەکەی، واتە بۆ پەیوەندیەکی ماتریالیستی بێگەرد، وە ئەو جیاکاریەیشی تاکەکان خۆیان لە نێوان تاککەسی و ئەگەرەکاندا دایدەنێن، ئەمانە هەموویان، وەک لەوەوبەر ڕوونمان کردەوە، پرۆسێسێکی مێژوویین لەقۆناغە جیاوازەکانی پێشکەوتندا و شێوەی جیاوازیش دەگرنەخۆو هەمیشەیش گشتی دەبنەوە. وە لەم چەرخەماندا، دەسەڵاتی مەرجە ماتریالیستیەکان بەسەر تاکەکاندا، وە تێکوپێکشکاندنی تاکگەرایی لە لایەن ئەگەرەکانەوە (احتمالات)، شێوەیەکی ئێجگار گشتی و زۆر پتەویشی

گرتۆتەخۆ، ئەمەیش شتێکە کە ئەرکێکی ئێجگار دیاریکراوی خستۆتە ئەستۆی ئەو تاکانەی لە بووندان، ئەویش گۆڕینی ئەم بارودۆخە زاڵەی ئێستایە بەسەر تاکەکان و ئەگەرەکانی بەردەمیاندا لەڕێی زاڵبوونی تاکەکانەوە بەسەر ئەگەرەکان و ئەم بارودۆخەی ئێستادا. واتە داخوازی ئەم چەرخە، "پێشخستنی خود" نیە، وەک سانشۆ (شێترنر)[7] خەیاڵی لێدەکاتەوە، هەموو تاکێک ئەمە دەکات، ئیتر بەبێ هیچ ئامۆژگاریەک لە سانشۆوە[8]، واتە چەرخەکەمان دەیسەپێنێت بەسەرماندا کە بە تەواوی ڕزگار بین لە تەرزێکی دیاریکراوی پێشکەوتن ...

.. خاوەندارێتی تایبەتی لەناو نابرێت بەبێ پێشکەوتنێکی بەرفراوانی تاکەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خەسڵەتی ئێستای پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان زۆر بەرفراوانن، بۆیە دەبێت ئەو تاکە پێشکەوتووانەی بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەم گەشەسەندنەیان پێوە دیارە، ئەو پێشکەوتنە بگۆڕن بە دیاردەیەکی ئازادانەی ژیانیان. وە وەک نیشانماندا، تاکەکان لە ئێستادا لەسەریانە خاوەندارێتی تایبەتی لەناو ببەن، چونکە هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان، گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرز لە پێشکەوتن، بەجۆرێک کە ئەو هێزە، لەژێر ڕکێفی خاوەندارێتی تایبەتیدا، بۆتە هێزێکی وێرانکار، وە ناکۆکی نێوان چینەکانیش گەیشتۆتە دواین پلەی. دواجاریش، ئەوەمان دەرخست کە لەناوبردنی خاوەندارێتی تایبەتی و دابەشبوونی کار، خۆی بۆ خۆی، یەکێتی تاکەکان پێکدەهێنێت لەسەر ئەو بنچینەیەی هێزە بەرهەمهێنەکانی ئێستاو پەیوەندیەکانی، لەسەر ئاستی جیهانی جێیان هێشتووە.

کارل مارکس، الایدیولوجیة الالمانیة

---

[7]. ماکس شتێرنر تەنها ئەوەی بە بەس زانیوە کە تاک تێکۆشان بکات دژی بیرو ئایدیاکانی خۆی، دژی ئاین، نەک دژی پەیوەندیە بەکردەوەکان. یان وەک مارکس دەڵێت: "بۆ هیگڵیە لاوەکان بەدیهی بوو کە تەنها تێکۆشان بکەن دژی وەهمە تایبەتیەکانی نێو هۆشمەندی". وە لەبری گەڕان بە پەیوەندیە ماتریالیستیەکاندا، هەوڵیانداوە لە لیستە لۆژیکیەکاندا جەوهەری هەموو شتەکان بدۆزنەوە'. شتێرنر گۆڕانی کۆمەڵگا بەوە دادەنێت گوایە دەبێت لە پێشدا هەرکەسە لە خۆیەوە دەستپێبکات و خۆی بیری خۆی بگۆڕێت، واز لە خۆویستی بهێنێت، وە ئیتر هەر بەو شێوەیە هۆشمەندی کۆمەلایەتی و هەموو کۆمەڵگایش دەگۆڕدرێت (وەرگێڕ).
[8]. سانشۆ کەسایەتیەکی نێو چیرۆکێکی ئیسپانیە بە ناوی دۆن کیشۆت (وەرگێڕ).